www.kurdistannet.org
15/05/2003 00:48

# دیموكراتی و ئۆپۆزسوین
# ئۆپۆزسیون ودیموكراتی

جەزا چنگیانی

پەیوەندی دیموكراتی و ئۆپۆزسیۆن. ئۆپۆزسیۆن و دیموكراتی , وەك پەیوەندی ئەندامەكانی درەخت وایە , نە قەد بەبێ گەڵا و چل و لق گەش و جوان و بە بەرهەمی دەبێ , نە گەڵاو لق و چڵیش بە بێ قەد دەژین و بەرهەمیان دەبێ. دژە دیموكراتی دكتاتۆری یە. دیكتاتۆریەتیش هێندە چارەگرانە هیچ ڕێكخراوێكی سیاسی بە خۆی ناڵێت دیكتاتور لە كۆمۆنیستەكان زیاتر, ئەمانیش لە تەك بیانویەكی چاوبەستدا , كە تەنیا خۆیان نەبێ كەس بڕوایان پیناكەن. دەڵێن بە هوی دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە ماف گشت چینەكانی كۆمەڵ مسۆگەر دەكەین. وەلی لە ڕاستیدا دكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نەگبەتیە و بۆ پرۆلیتاریا داڕێژراوە. دیموكراتی یانی دەسەلاتی كۆ. دەسەلاتی كۆش یانی هەڵبژاردنی چەند توانایەك لەلایەن زۆربەی خەڵكەوە و پالاوتنیان وەك نوینەری خۆیان بۆ پەرلەمان و بەڕیوەبردنی وولات وكاروباری خەڵكی : بونیادی ڕەسەن وسەرەكیەكانی سیستەمی دیموكراتی بوونی دووكەناڵی ئۆپۆزسیونی یە :

١) كەناڵی سیاسی ئازاد : یانی بوونی دەستەیەكی ڕیكخراوەی سیاسی لەبەرەی ئۆپۆزسیوینی پەرلەماندا.

٢) كەناڵی میدیا ئازاد : كەناڵی میدیا بە گشت لقەكانیانەوە , بڵند گۆی ڕاستەقینە وچاوی تیژ وپینوسە جەربەزەكانی ڕۆشنبیرانی كۆمەڵگایە.

لە هەر شوێنێكی ئەم دنیایەدا بیگرە ئەگەر دەسەلاتیكی سیاسی بەرەی ئۆپۆزسیوینی نەبوو, ئەوە ئەو دەسەلاتە خۆ بە دیموكراتی زانە (دیكتاتۆرێكی كەللە ڕەقە) دیموكراتی وەك زۆر لە تیور و تیروانین وفەلسەفەكان لە دوای گەشەكردن و پیادەكردن لە كۆمەڵگا ئەورووپیەكاندا وبە ئەنجام گەیشتنی كۆمەڵگا بە لایەنی پۆزەتیفی ئەم سیستەمە و چارەسەری گرفتە ئاوساوەكانی كۆمەڵگا بەڕێگەی دیالوگ وپەسەندكردنی یەكتری. بوو بە هوی ئەوەی گۆمەڵگا پركێشەكانی تری دنیا ڕوو لەم قیبلەیە بكەن بێگومان دیموكراتی ئەورووپی ئیستا كە تەمەنی چەند سەدەیەكە لە سەرەتادا بەم شیوەی ئیستا نەبووە. دیموكراتی بەری تەوژمێكی بەگوڕی گۆڕانكاری بووە لە ئەورووپادا. گەشەكردنی سەرمایەو قاژبوونی چینەكانی كۆمەڵ , یەكی بوو لە هۆكانی سەرهەڵدانی دیموكراتی. جگە لە ڕۆلی گرنگ ومەزنی ڕۆشنبیران بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی شۆرشگێری شۆرشی فرنسی و تەكنەلۆژیا و ملكەچی دەسەلاتی كەنیسە بۆ دەوڵەت و داكۆیكردن لە یاسایەك كە ماف تاك بپاریزی. ئەگەر ئاوڕ لە خەونی خەڵكانی جیهانی سیهەم و وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی بدەینەوە , دەبینین ئەو بونیادە گرنگانەی بوونە گەشەكردنی دیموكراتی لە ناو گەلانی ئەورووپیدا. ئیستا لە ناو گەلانی جیهانی سێهەم وئیسلامی دا بوونی نیە. هەریەكە لەم دووبەشەی مرۆڤایەتی شێوەیك لە دین و بەرهەمهینان و یاسای تایبەتی بۆ بەریوەبردنی ژیان هەڵبژاردووە كولتورێك جڵەوی ئاوزانی گرتووە. دەكرێ خەبات بۆ دیموكراتی لە وولاتانی دواكەوتوودا بكرێ وەلی گەلێك سەختە. چونكە زۆر زەحمەتە ئەو كۆمەڵگایانە بتوانن خۆیان لە نەریت و دین و خوویەك و كولتورێك زوو بەبێ گەشەكردنی كرۆكی كۆمەڵگا وپەراوێزكردنی كولتور ویاسا وریسا عەمارەپوەكان كە لە دێر زەمانەوە لە ڕۆحیاندا كۆنكریت بووە ڕزگاربكەن. ڕۆلی سەرمایە لە ئەورویپادا كە بە فاكتەرێكی ناوكی لە گەشەكردنی ئاوزانی دەسەلاتی دیموكراتی ڕۆڵی گرنگی هەبووە. سەرمایە لە وولاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا. نەك بزوینەری دیموكراتی بووە و دەبێ بەڵكو سەرمایە بۆتە و دەبێتە هەش و نەگبەتی بەسەر كۆمەڵدا دەڕژێ. ئەوەیش بەهۆی ئەوەوە لە پاڵ بوونی سەرمایەدا ئاوزان و هوشیاری بەگەڕخستنی سەرمایە نیە. دێنەكانی جیهانی سێهەم و وولاتانی ئیسلامی هێندە تورت داڕێژراون زەحمەتە ڕیفۆرمێكی (مارتین لوتەری) لە تەكدا بكریت بۆیە. تا لە بنەڕەتدا كۆمەڵێ نەریت و یاسا و دین لە سیاسەت دور نەخرینەوە , زۆر زەحمەت كۆمەڵگا بگاتە ئاستی پەسەنكردن وگەشەكردنی دیموكراتی , كەواتە دیموكراتی ئەورووپی بونیادێكی قووڵی میژووی هەیە وپەیوەندی بە كۆمەڵی فاكتەری ڕەسەن وكاریگەرەوە هەیە كەتائیستا ئەو فاكتەرە ڕەسەنانە نەگەیشتونەتە جیهانی سیهەم و وئیسلامی. دیموكراتی ئەورووپی بەری پرۆسێسیكی

میژووی ئابووری و ڕوشنبیری نەتەوەکانی ئەورووپایە. وەکی ئامارژەی پیکرا و لە هەمووی گرنگتر ڕۆڵی سەرمایەی ئازاد وشۆرشە پیشەسازیەکانی کۆمەڵگای ئەورووپی و شلوملی ئاینی مسیح. و ڕۆڵی بزوێنەری ڕۆشنبیرانە , ئەو گشت فاکتەرانە لە کۆمەڵگای کوردی وکۆمەڵگاکانی تری هاوشیوەمان بوونی نیە. لە هەمووی سەختر لە کۆمەڵگای کوردیدا و بە تایبەتی لەم ١٢ ساڵەی دوای ڕاپەینەوە (خۆکەنارخستنی ڕۆشنبیرانی کوردە) لە پرسیارکردن لە مەڕ دیموکرازیکردنی کۆمەڵگا و میکانیزمە پیویستییە میژوویەکانی کوردەواری. ئەرکی ڕۆشنبیر هەمیشە دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفی چاك بووە بۆ خراپە. لە ساڵانی ٦٠ دا لە ئەڵمانیا ڕووداوێك ڕویدا شایەنی ئامارژەکردنیەتی. لەئەنجامی هەڵبژاردنێکدا هەردوو زلهیزەکەی ئەڵمانیا (سوسیال دیموکرات و سوسیال مسیح) کەوالیسوێنێکیان دروستکرد حکومەتیکیان پیکەوە نا لە پەرلەماندا تەنیا پارتی ئازادی ئەڵمانی کەپارتێکی گەلیك گچکەیە وەك ئۆپۆزسیۆێنێکی زۆر لاواز نوزەیەکی لە پەرلەماندا هەبوو. بێگومان بوونی ئۆپۆزسیۆینی لاواز یانی چەقینی بزوتنەوەی ئابوری وکۆمەڵایەتی و سیاسی میکانیزم و پرۆسیسی ئازادی. بۆیە ووزەی شەقام و زانکۆکان بەتایبەت زانکۆی فرانکفۆرت تەقیەوە. ئەوەیان ئاشکراکرد پەرلەمانێك بێ ئۆپۆزسیۆێنێکی بەهێز دەسەلاتێکی دکتاتۆرە. بۆیە لەئەنجامی فشاری قوتابیان و خەڵکیدا حکومەت ڕما و دەسەلاتێکی تر دروست بوو یەکیك لە پارتە گەورەکان بوو بە ئۆپۆزسیون , یەکێکیان دەسەلات.

گەر ئاوڕ لە زمبۆلی خانوی دیموکراتی کوردی (پەرلەمان) بدەینەوە , تێدا دەنگەکان دەمەقاڵی ویستەکانی جەماوەر ناکەن , چونکە دەنگی(شێری) هەردوو زلهێزەکە (ی , پ) دەگاتە ٩٥٪ دەنگ , دەنگی کزی ئۆپزسیۆن ناگاتە ئاستی پرسیارکردنی ویستەکانی مرۆڤی کورد. ئەم پەرلەمانە زیاتر لەوەی ڕۆلی سەرەکی لە دابینکردنی ویستەکانی کورد ببینی پاشگوی پارتەکان و کێشەکان بە تەرازووی بەرژەوەندی پارتەکان چارەسەر دەکات. ئەمە هەڵەیە , چونکە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤی کورد لە دەرەوەی پارتەکانن. پێوەرەکەیان پێوەری بەرژەوەنی (پارتەکانە) نەك کۆمەڵگا. ئەمەش گۆمەڵگا ئیفلیج دەکات. ئەگەر وانەبوایە دەبوایە لەشی سیاسی کورد وپەرلەمان لەم ١٢ ساڵەی دوایدا شێوەیەکی تری وەردەگرت. لەم ماوەیەدا نە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهیزیان بۆ دروست بووە , نە میدیایەکی سەربەخۆ و ئازاد. نە کۆمەڵە پێنوسێکی جەربەزە. ئەو ڕۆشنبیرەشی ویستی بێتی تەکان بداو چالاکی لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەو دوو پارتەدا بکات. یان کوژراوە یان ڕاونراوە یان نانپراو کراوە. ئەوەشی لە هەندەرانەوە زمانێکی ڕەخنەی بەکارهانیبێ یان کوردانە و ومرۆڤانە و لۆژیکانە سەرنجی لە سەر بارۆدۆخی کورد و چەوتوی دەسەلات دابێ. ئەگەر دەستیشیان نەگەیشتبێتێ. پێدەڵێن (ئەگەر پیاوە با بێتەوە بۆ کوردستان) *یان کردویانن بە پاژنەی پیلاوەکانیان* *. بونیاد نانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن کە هەر دوو زلێهیزەکەی باشور قسەی لە سەر دەکەن زۆر زەحمەتە بتوانرێ بە ئاسانی و خیرا مسۆگەر بکریت. چونکە ئەوەی دەسەلاتی لە بڕیارە سیاسیەکاندا هەیە و داوای کۆمەڵگای مۆدێرن دەکات. خۆیان بە مۆدێرن نامۆن و بە مۆدێرن هێڵنجیان دێ وناتوانن ژیانیکی نۆی بۆ کۆمەڵگا مسۆگەر بکەن. لەبەرئەوەی (ژیانی نۆی بە (عاقل) ئاوزانی کۆن دابین ناکرێ) !! پرۆسێسی گۆڕانی دەسەلات لە کۆمەڵگا مۆدیرنەکاندا بە هۆی ئاوزان وتوانای نەوەی نۆیوە دابیندەکرێ. لە باشوری کوردستانیشدا دەبێ دەسەلاتی سیاسی لە کادیرە کۆنەکانی شاخەوە بگویزرێتەوە بۆ نەوەکانی دوای ڕاپەڕین وکوردەکانی هەندەران , ئەمانە پەروەردەی زەمەن وتەکنەلۆژیا و بازاڕێکی ترن. کەواتە (کۆمەڵگا نۆی (دیموکراتی) بە ئاوزانی دیکتاتۆریەتی شاخ دابن ناکریت).

* ئەم ڕستەیە لە لایەن یەکیتیەکانەوە بە خۆم وتراوە.

** ئەمە بۆچونی سالار عەزیزی پاریزگاری سلیمانی کۆن بوو

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.